# پەیامێک بۆ نوسەرانی کوردستان ،لەمەڕ کێشەی دکتۆر کەمال

هێمن ڕەئووف........................ سویسرا
hemnrauf@hotmail.com

جاران بەعس پەیامێکی دڕندانەیان پەیڕەو دەکردو بە ئاشکرا سەددامدەیگووت ( ئەوەی باسی شۆڕش دەکات بیان کوژن ، مەپرسن چەندن وچۆنن، کێن وکێنین ) ئیتر ڕەشو سپی دیار بوو جاللاد وستەمبار دیار بوو دەمانزانی ئەوەی بەعسە دوژمنی ئێمەیە ،ئەوەی کڵاو سور وکڵاو سەوز ومغاویر و ،،، کورە نازانم !!! هاموو ناوەکانی تر ، من منداڵ بووم لە بیرم نین هەموویان دیار بوون . یەک بەیەک ئەمان ناسینەوە .
بەڵام ئەوەی کارەسات درووستدەکات لەمڕۆژگارە ڕەشانەی نەتەوە ستەم دیدەکەمان ئەوەیە هەر بەعسە و لە پێستی خۆیی یەکدا هاتۆتەوە و لافی شۆڕشگێڕ و خاوەن شەهید لێدەدات ، هەر ئەو پەیامەیەو بە ڕەنگی سوور و پەمەیی ڕەنگکراوەو لە تێکستی خۆشەویستیدا دەدرێن بەگوێماندا . ڕەشو سپی بوونەتە ڕەساسییەک مەحاڵە لێکترازانیان.
بەئارەزووی خۆیانو مامۆستاکانیان ئەوەی بیانەوێ بەو میللەتە هەژارەی دەکەن. بوونەتە ڤایرۆسێکی ساریی لەخوێنی ئەو جەماوەرە بێدەسەڵاتەدا گوزەردەکەن .
لەوڵاتی ئێمە ئازادی وکۆیلایەتی یەک ووشەن، دیموکراتی ودیکتاتۆرییەک مانای سیاسییان هەیە وڵات پارێز و خائینان لەیەک سوپادان زانا ونەزان لەیەک زانینگەدا ئوستاد ن.
ئای لەم یەکسانییە !! بریا بمزانیایە کامەیە سەرچاوەی ئەم ئایدیا شازە ، هەر ئەو یەکسانییەیە کە مارکس و ماو باسیان لێدەکرد ، یان شێپێتسیالەو لەگەڵ سەددامیزمدا پیتێنراوە ؟
زیندانیکردنی دکتۆر کەمال سیمبۆلێکی دیارە بۆ سەلماندنی ئەم ووتارە . ئەو بێدەنگییە ڕۆشنبیریی وجەماوەریی و حیزبیی وسیاسیەی لە کوردستاندا لە ئاستی ئەم کێشە خەتەرناکانەدا دەبینرێ دەیسەلمێنێ کە دیموکراتی هیچ بەهایەکی نییە .
ئازادی ڕادەربڕین تەنها بۆ ئەوانەیە کە دەسەڵات دەڕازێننەوە . نمونەیەکی دیار حەمەسەعید حەسەن کە هەموو بەهاو قیمەتی ووشە پیرۆزەکانی کەم بایەخ کردۆتەوە کە هیچ نرخێک بۆ بارامبەر وڕاستییەکان دانانێت . بۆتە داردەستی دەسەڵاتێکی گومڕا و ستەمکار ڕاستییەکان دەشێوێنێتو هەندێک خوێنەری فەقیرحاڵی پێ چەواشەدەکات .
گرتنی دکتۆر کەمال زەنگێکی تۆقێنەرە و ترسناکە .ئەو بێدەنگییەی لە کوردستان دەبینرێ لە مەڕ ئەو کێشیە( کاریگەری خراپ جێدەهێڵێ بۆ ئایندە ، ڕێگا خۆشکردنە بۆ کۆیلایەتی ،زاڵکردنی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارەیە لە دواڕۆژدا ، ڕێگا نەدانە بە درووست بوونی کەسانی شۆڕش گێر و بەتوانا)
بۆیە پێویستییەکی نیشتیمانییە لەسەر هەر ڕۆشنبیرێک وخاوەن قەڵەمێکی بوێر لە کوردستان. ڕێگا نەدەن ئاگری ئەو کێشەیە خامۆشبێت . بوونی چەند دەزگاو ناوەندێکی ڕۆشنبیری بەس نیە
بۆ گەیاندنی پەیامە نەتەوایەتیەکان.. لەم ڕۆژگارەدا خەباتی ڕۆشنبیران و نوسەران بێدەنگ نەبوونە لە ئاستی کۆیلایەتی بیروو ڕاپێشنیار دەکەم ئەگەر تەنها سەد نوسەری نیشتەجێی کوردستان لەگەڵ دکتۆر کەمال مان بگرن ئاراستەی بارودۆخەکە دەگۆڕێ ئەوەی ئاشنا بوە بەم کێشەیە تەنها ئەوانەن لە ئینتەرنێت دەخوێننەوە ، بۆیە گەیاندنی ئەم کێشەیە بە جەماوەر ئەرکێکی خەباتە .
بوێر بن مەترسن!! زۆرتانکرد بۆ هەڵبژاردنێک کە هیچ پەیوەندی بە ئێوەوە نەبوو ، ئەمەیان کێشەی ئێوەی نووسەران و ڕۆشنبیرانە مانەوەی دکتۆر کەمال لە زینداندا تەهدیدە لە داهاتوومان

( کۆڵنەدان وئازادی بۆ دکتۆر کامال)

---

24.12.2005